? Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.12 23:37:35 -06'00'

# عوزرێک که له هەڵه قەبیحتره

حەمەسەعید حەسەن

سەبارەت بەو داكۆكییه مێژووییەی جەلال تاڵەبانی ٢٠٠٢/١٢/٤ له كویتەوه له جەنەڕاڵی ئەنفال (نیزار خەزرەجی)ی كرد، مەڵبەندی ئەورووپای ینك له ٢٠٠٢/١٢/١٠دا ڕوونكردەوەیەكی بڵاو كردووەتەوه، كه بێ دڵەڕاوكێ دەتوانین به (عوزرێكی بچوێنین كه له هەڵە قەبیحتره.)

به گوێرەی ئەو ڕوونكردنەوەیه كه ئاڕاستەی هەڤاڵانی ئەورووپای ینك كراوه، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك بۆ تاوانباركردنی خەزرەجی به دەستەوه نییه! ئەوانەشی دژی خەزرەجی چالاكییان نواندووه، ئەگەر پیاوی ڕژێمی بەعس نەبن، ئەوا كەسانێكن سەرلێشێواو، سەرقاڵی خۆدەرخستن و ناوبانگ پەیداكردنن.

ئەمه جاری دووەمه مەڵبەندی ئەورووپای ینك داكۆكی له خەزرەجی بكات، ئاخر له سەرەتای ئۆكتۆبەری ساڵی پاریشدا، خودی د. فوئاد مەعسووم، كه بەرپرسی مەڵبەندەكەیه، له ڕێی سەفارەتی دانماركەوه له لەندەن، نامەی پشتگیریكردنی له خەزرەجی، بۆ وەزارەتی دادی دانمارك ڕەوانه كرد.

شیاوی گوتنه داكۆكییەكەی جەلال تاڵەبانی له خەزرەجی كه ٢٠٠٢/١٢/٥ له (الحیاه) دا بڵاو كرایەوه، بۆ سبەینێ (هەینی ٦ی دێسەمبەر) وەك خۆی له سایتی (ینك)یشدا دابەزێنرا و تا ئێستاش كه من خەریكی نووسینی ئەم دێڕانەم، له سایتەكەدا دەدرەوشێتەوه! ئەمەش بەڵگەیەكی حاشاهەڵنەگره بۆ ئەوەی كه ڕۆژنامەی (الحیاه) بەوپەڕی دەستپاكییەوه، قسەی سكرێتری ینكی گواستووەتەوه، دەنا لای كەم ئەو سایته خۆی لێ نەبان دەكرد.

ساڵی پار له ٦ی كانووندا، جەلال تاڵەبانی جەژنی له دایكبوونی لەشكری عێراقی پیرۆز كرد و ئومێدی پاشەڕۆژێكی گەشی بۆ ئەو سوپایه خواست، كه ساڵی ١٩٨٨ ئێمەی ئەنفال كرد و ٣١ی ئابی ١٩٩٦یش (ینك)ی له هەولێر هەڵكەند و له (سەیرانبەند)ی توند كرد. لایەنێك ئەمه هەڵوێستی بێت، بەرانبەر لەشكری ئەنفال، دەبێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بكەین، تف له كۆگۆڕەكانی* قوربانییانی (عەرعەر)یش بكات و هەوڵی خاوێنكردنەوەی فایلی پیسوپۆخڵی خەزرەجیش بدات.

بەوەدا ئەم تێكشكان یەكێتی بەو نسكۆ دەسپێرێت، بەوەدا یەكێتی پشتی كردووەته كورد و سەنگەری جەنەڕاڵی جینۆسایدی هەڵبژاردووه، پێ دەچێت له گیانەڵڵادا بێت.

2002. 12. 12

* كۆگۆڕ: گۆڕی به كۆمەڵ.